ژمارە : ٦٤٤٨
ڕێکەوت : ٢٠ / ٢ / ٢٧٢٠ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٥ / ١٠

## بەیانی ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٢٠

**دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣١)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و دوای وەرگرتنی پێشنیار و تێبینیەکانی پارێزگار و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەزاری بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٧١٤) لە ٢٠٢٠/٤/٣٠ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەکەم:-** قەدەغەی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهوک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان بەردەوام دەبێت لە **٢٠٢٠/٥/١١ تا ٢٠٢٠/٥/١٨** کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو.

**دووەم:-**

١. قەدەغەی هاتووچۆ لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی عێراق بەردەوام دەبێت، و ئەو هاوڵاتیانەی دانیشتوی هەرێمی کوردستانن و لە پارێزگاکانی عێراق گیریان خواردوە بە هۆی قەدەغەی هاتووچۆ ڕێگایان پێ دەدرێت بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان بەمەرجێك پشکنینی ڤایروسی کۆرۆنایان بۆ بکرێت و تا دەرچوونی ئەنجامی پشکنین کەرەنتین دەکرێن لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە.

٢. ئاسانکاری دەکرێت بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە فەرمانبەری حکومین لە پارێزگاکانی (موصل ، کەرکوك، دیالە) کە هاوسنورێن لەگەل هەرێمی کوردستان و نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن و بە پێچەوانەوە بە مەبەستی هاتووچۆکردنی ڕۆژانەیان لە نێوان شوێنی کارکردن و نیشتەجێ بوونیان بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان ، بە مەرجێك هەفتانە پشکنینی کۆرۆنا لەو پارێزگایە کە لێی فەرمانبەرن ئەنجام بدەن و ناسنامەی کارکردنی لە فەرمانگە حکومییەکان هەڵگرن.

**سێیەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی ڕێگەپێدان بە کردنەوەی شوێنی خزمەت گوزاری بە پێی مەرج و ڕێنماییە تەندروستیەکان.

18.5.2020 / 18993


Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

ژمارە : ٦٤٤٨ NO :

ڕێکەوت : ٢٠ / ٢ / ٢٧٢٠ کوردی DATE: ٢٠٢٠ / ٥ / ١٠

**چوارەم:-** هەموو ئەو شوێنانە کە ڕەزامەندی کارکردنییان پێدراوە و کراوە دەبن پێویستە تەواوی مەرجە تەندروستییەکان جێ بەجێ بکەن لە بەستنی دەمامک و دەستکێش و دروست نەکردنی قەرەباڵغی و پێویستە لە هەر شوێنێك مەودای نێوان دوو کەس لە (١,٥) مەتر کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:-** ئاڵوگوری ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لە پارێزگاکانی عێراق ئەرك دەبینن و دانیشتوی هەرێمن بەم میکانیزمەی خوارەوە دەبێت:

١. ناردنی لیستی ناوەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێکردنی پروسەی گورینیان.

٢. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ناوەکان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی ڕێکخستنی میکانیزمی ئاڵوگورکردنیان .

٣. ئەو هێزانەی لە نێوان پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان ئاڵوگوریان پێ دەکرێت ناوەکان ڕادەستی وزارەتی ناوخو دەکرێت بەر لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێ کردنی پرۆسەی گۆرینیان بە مەبەستی ڕێکخستنی میکانیزمی گورینیان.

**شەشەم:-** ئالۆگوری بازرگانی بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت.

**هەفتەم:-** ڕێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پێی سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترونی بەردەوام دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە ناو نیشانی (moi.gov.krd) دانراوە و هاوڵاتی دەتوانێت لە حاڵەتی زۆر پێویست و مەبەستەکانی دەوام کردنی فەرمانبەران داوای ڕێگەپێدان بکەن بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە، و پێویستە لەسەر پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ئاسانکاری بکەن بۆ هاتووچۆی هاوڵاتیان لە بازگەکان.

**هەشتەم:-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران ڕێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ڕادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی ڕێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

ژمارە : ٦٤٤٨ NO :

ڕێکەوت : ٢٠ / ٢ / ٢٧٢٠ کوردی DATE: ٢٠٢٠ / ٥ / ١٠

پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ JCC.

**نۆیەم:-** دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری، سەیران بەن، کێلێ، تەوێلە، پشتە و شوشمێ) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بە بێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ ڕێگەی پێ نادرێت بگەرێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی وەڵات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە کەرەنتین دەکرێت و پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکان کە ئەو هاوڵاتیە لە سنوری نیشتەجێیە گشت ڕێکارە تەندروستی و ئەمنییەکان بگرێتەبەر بۆ بردنەوەی ئەو هاوڵاتیانە لەو دەروازە سنورییەی کە لێی هاتوون بە مەبەستی کەرەنتین کردنیان بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری کردووە.

**دەیەم:-** بەدەر لە برگەی (نۆیەم)ی سەرەوە:

١. دەروازەی سنوری (ابراهیم خلیل) ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بە ڕووی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێتەوە لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی تا (١٢:٠٠)ی شەو بە مەبەستی گەرانەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە وەڵاتی تورکیا گیریان خواردووە بە هۆی داخستنی دەروازە سنوورییەکان، و هاوڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق ڕاستەوخۆ ڕەوانەی سنوری پارێزگای موصل دەکرێنەوە.
٢. هەر دوو دەروازەی سنوری (حاجی ئومەران و باشماخ) ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بە ڕووی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی تا (١٢:٠٠)ی شەو بە مەبەستی گەرانەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە کوماری ئیسلامی ئێران گیریان خواردووە بە هۆی داخستنی دەروازە سنوورییەکان.
٣. پێویستە لەسەر دەروازە سنورییەکانی سەرەوە لیستی ناوەکان پێش (٢٤) کاتژمێر لە کردنەوەی دەروازە سنورییەکان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕێگەپێدان بۆ ئەو هاوڵاتیانە.

**یازدەیەم:-**

١. ئەو کەسە بیانیانەی کە وەك ماموستا لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکوکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن ڕێگایان پێ دەدرێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك نشینگەی هەرێمی کوردستانیان هەبێت و وەزارەتی پەیوەندیدار پشتگیریان بکات.


18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

٢. وەبەرهێنەرانی بیانی و بازرگانان و فەرمانبەرانی بیانی بانکەکان ڕێگەیان پێ دەدرێت بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان بە هەمان مەرجەکانی برگەی (١)ی سەرەوە.

**دەوازدەیەم:-**

١. ئەو هاوڵاتیانەی هەڵگری پاسپۆرتی عیراقین کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی ئەو گەشتانە دەگەڕێنەوە کە لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێک دەخرێن لە هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی و ئەوانەی لە دەروازە سنورییەکانی (ابراهیم خلیل و حاجی ئومەران و باشماخ) دەگەڕێنەوە بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە لەم بەیانە دیاری کراوە سەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین دەکرێن جگە لە:

أ. قوتابیان کە بۆ مەبەستی خوێندن لە دەرەوە بوون.

ب. نەخۆشەکان کە پاڵپشتی نەخۆشخانەکانیان هەیە و بۆ مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری گەشتیان لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا کردبێت.

٢. ئەو هاوڵاتیە بیانیانەی کە بە پێی ئەو ڕێکارانەی لەم بەیانە دیاری کراوە لە ڕێگای فرۆکەخانەکانی هەرێم یان دەروازەی سنوری ابراهیم خلیل دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین دەکرێن.

**سیانزدەیەم:-** ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٥/١٠ جێبەجێ دەکرێت.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

NO :
ژمارە : ٦٤٤٨

DATE: ٢٠٢٠ / ٥ / ١٠
ڕێکەوت : ٢٠ / ٢ / ٢٧٢٠ کوردی

وێنەیەك بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی ڕاوێژکار/ بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی پێشمەرگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرماندەیی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەرویزخان ، سەرزێر، تەوێلە، کێلێ و سەیران بەن، پشتە و شوشمێ) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن..
- ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست تایبەت بە برگەی (هەشتەم) و پێویستە کارمەندەکانتان لە ئەرکدابن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو برگەیە ، لەگەل ڕێزگرتن.
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- خولاو.

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

T.C. Erbil Başkonsolosluğu
Gümrük Ataşeliği

**Gayriresmi Tercüme**

**Tarih: 10.05.2020**

**Sayı: 6648**

**2020 yılının (34) numaralı Kararnamesi**

**KIBY'de sağlık emniyetinin korunması için aşağıdaki kararlar alınmıştır:**

**1**. KIBY'nin dört ili (Duhok, Erbil, Süleymaniye, Halepçe) ve yerel idari bölgeler arasındaki seyahat yasağı 18 Mayıs 2020 tarihine kadar uzatılmıştır.

**2**. KIBY ve IMH kontrolündeki şehirlerarası seyahat yasağı devam edecek olup mahsur kalan vatandaşların KIB'ye dönmesi için ikamet ettikleri illerde koronavirüs kontrolü yapılmaları şartıyla dönüşlerine izin verilecektir.

**-** Musul, Diyala Kerkük'te devlet memuru olan KIB'li vatandaşların mesaisi, görev yaptıkları illerde haftada bir gün koronavirüs kontrolleri yapmaları ve yanlarında memur kimliklerini taşımaları şartıyla yolda geçişlerinde kolaylık sağlanacaktır.

**3**. Hizmet yerlerinin açılması yetkisi, sağlık kurallarının yerine getirilmesi şartıyla valilikler ve yerel idare sorumlularına verilmiştir.

**4**. Açılmasına izin verilen hizmet yerlerinin sağlık kurallarına riayet etmeleri, maske ve eldiven takmalarının yanı sıra, bir buçuk metre sosyal mesafenin de korunması gerekir.

**5**. KIBY'de ikamet eden IMH emniyet kurumlarındaki görevliler, görev değişimi yapmaları için aşağıdaki mekanizmaları uygulamaları gerekir:

-Görev değişimi yapılmadan 48 saat önce isim listelerinin Bağdat'taki KIBY Temsilciliği'ne göndermeleri.

-İsim listelerinde düzenleme yapılması amacıyla Bağdat'taki KIBY Temsilciliği'nden KIBY İçişleri Bakanlığı'na gönderilecektir.

-KIBY'deki emniyet güçlerinin iller arasında görev değişimi yapmadan 24 saat önce KIBY İçişleri Bakanlığı'nda düzenleme yapılması amacıyla isim listelerinin valiliklere ve yerel idarelere gönderilmeleri gerekir.

**6**. Ticari alışverişler önceki belirtilen kararnamelerdeki talimatlara göre devam edecektir.

**7**. İller ve özerk idare sınırları arasında acil durumlarda seyahat etmek isteyen vatandaşların (moi.gov.krd) web sitesindeki form bilgilerinin doldurulması kuralına devam edilecektir.

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

**8**. KIBY'nin tamamında ajanslar, BM kuruluşları, uluslararası kuruluşları, koalisyon güçleri ve diplomatların geçişleri yasak kapsamı dışında olup, KIBY Dış İlişkiler Departmanı'nın uluslararası kuruluşlarının iller arasındaki izinleri ve geçişlerini kolaylaştıracaktır.

**9**. Sınır kapıları (Pervizhan, Başmak, Hacı Omran, İbrahim Halil, Sarzerin, Sayran Band, Kele, Tawela, Pişta, Şuşme) ve Uluslararası Erbil ve Süleymaniye Havaalanları yolcu geçişlerine kapalı olacaktır. KIBY İçişleri Bakanlığı izni olmadan yurt dışından KIBY'e giriş izni verilmeyecektir. Vatandaşların, KIBY'ye dönmesi için KIBY İçişleri Bakanlığı'ndan izin alarak girenler ikamet ettikleri il veya özerk idare sınırları içerisinde karantinaya alınacaklardır. Sağlık talimatlarının yerine getirilmesi amacıyla Operasyon Birimleri emniyet güçleri tarafından yurt dışından dönen vatandaşların geldikleri sınırdan alınıp ikamet ettikleri bölgede belirlenen süre içerisinde karantinaya alınmaları gerekecektir.

**10**. Yukarıda belirtilen 9. Madde dışında:

**-İbrahim Halil sınır kapısı Türkiye'de mahsur kalan öğrencilerin KIBY'e geri dönmeleri için haftada iki gün Pazartesi ve Perşembe günleri 8.00- 00.00 arasında açık kalacaktır. Türkiye'den KIBY'ye dönen merkezi ve güney illerinde ikamet eden öğrenciler Musul sınırına gönderileceklerdir**.

- Hacı Omran ve Başmak sınır kapıları İran'da mahsur kalan öğrencilerin KIBY'e geri dönmeleri için haftada iki gün Pazartesi ve Perşembe günleri olmak üzere 8.00- 00.00 arasında açık tutulacaktır.

-Yukarıda belirtilen **sınır kapıları açılmadan 24 saat önce bulundukları devlette mahsur kalanların düzenleme yapılmak kaydıyla isim listelerinin KIBY İçişleri Bakanlığı'na göndermeleri** gerekmektedir.

**11**. - **KIBY okullarında, enstitülerde ve üniversitelerde öğretmenlik yapan yabancı uyruklular KIBY oturma iznine sahip olmaları ve ilgili bakanlıkların teyidiyle yurt dışından KIBY'e geri dönmelerine izin verilecektir.**

**-Yukarıda belirtilen şartların yerine getirilmesi kaydıyla yabancı yatırımcılar, tüccar ve bankada çalışanlara KIBY'ye geri dönmelerine izin verilecektir.**

**12**. - KIBY dışındaki Irak pasaportlu vatandaşlar yurt dışından yukarıda belirtilen şartları sağlamaları kaydıyla, kara veya havayoluyla dönüş işlemleri KIBY Dış İlişkiler Departmanı (DFR) tarafından düzenlenecek olup, karantina masraflarını kendileri karşılayacaklardır.

- Eğitim amacıyla yurt dışında bulunanlar karantina masraflarını ödeyeceklerdir.

-Yurt dışına iki ay önceden tedavi olmak için seyahat eden vatandaşlar karantina masraflarını kendileri ödeyeceklerdir.

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.

**- Yukarıdaki maddelerde belirtilen şartları sağlamaları kaydıyla yabancı uyrukluların kara ve havayoluyla KIBY'e dönmeleri halinde karantina masraflarını ödeyeceklerdir.**

**13**. Bu kararname 10.05. 2020 tarihi itibariyle gece saat 00.00'da yürürlüğe girecektir.

**İmza**

**KIBY İçişleri Bakanı**

**Rebar Ahmet**

18.5.2020 / 18993

Evrakın elektronik imzalı suretine http://e-belge.gtb.gov.tr adresinden c7195f1a-ceaa-4400-8791-ff3264ee6291 kodu ile erişebilirsiniz.
BELGENİN ASLI ELEKTRONİK İMZALIDIR.
5070 sayılı kanun gereğince güvenli elektronik imza ile imzalanmıştır.ID: a512e753-1f8b-4088-b91b-70c3a8759ccd-220253769. Bu kod ile https://evrak.tim.org.tr/evrakdogrulama adresinden doğrulayabilirsiniz.